**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو بە ئەنجامی گەیاندووەو، بەو دەسەڵاتەش کە بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

## بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥

**مادەی یەکەم:**

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و لەدیاریکردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵدا و دەبێ نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی دا، لەکاتی خستنەرووی هەر حوکم و مادەیەك، کە پەیوەندی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، بگەڕێنەوە سەرپرس و رای پەرلەمانی کوردستان.

**مادەی دووەم:**

گەلی کوردستان دەستبەرداری مافە مێژووییەکان و بەدەستهێنراوەکانی نابێت کە بەپێی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەدیهاتوون کە بریتین لە هەندێك لە ئارەزو و ئاواتەکانی گەلی کوردستان و پێویستە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەم دەستکەوتانە لەخۆ بگرێت و ئەم هەڵوێستەش لەم بنەمایانەی خوارەوە سەرهەڵ دەدات.

**یەکەم:**

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دانی ناوە بە فەرمانڕەوایی سیاسی ئێستای کوردستانی عێراق و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و ئەرکو فەرمانەکانی لەرۆژی دامەزراندنیانەوە.

**دووەم:**

ئەو حوکمانەی لەماددە پەنجاو هەشتی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو ماددەی دەیەمینی یاسای دامەزراندنی دەستەی باڵای تایبەت بە کێشەکانی موڵکدارێتی (خاوەندەرایێتی) زەوی و زار هاتوون سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو ستەمەی لێی کراوە بەهۆی رەفتارەکانی رژێمەکانی پێشوو بۆ گۆڕینی هەڵکەوتەی نەتەوەیی و نیشتەجێبوون و بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

لیژنەیەکی کاتی لە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردسـتان پێـك بێـت بـۆ بەدواداچـوونی جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) پەنجاو هەشتی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواستنەوە، سەبارەت بە کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

**ماددەی چوارەم:**

دەبێ لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوەو لە رۆژی دەرکردنیەوە جێبـەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com